Dengekan

دەبێت بەرپرسان سەرمایەو موڵکەکانیان ئاشکرابکەن...!

محەمەد جەزا بەرزنجی

ئەمە مانشێتی سایتەکان بوو کاتێک باس لەم هەواڵە دەکەن، سەرەتا بە (دەبێت) دەستپێکراوە، ئەمە ووشەیەکی فەرمانی دەم کۆمەڵێک مەرجە کە لە باڵادەستیەکەوە خۆی بچەسپێنێت، هەر وەک لە هەواڵەکەشدا هاتوە چل حیزب و رێکخراوی نا حکومی یاداشتێکیان پێشکەش بە پەرلەمان کردوە بۆ دارشتنی یاسایەک کە سەرجەم بەرپرسان سەرمایە و موڵکەکانیان ئاشکرا بکەن، بەم پێیە باڵادەستی(دەبێت) ەکە لە چل حیزب و رێکخراوی نا حکومیەوە هاتوە، ئەمەش بە واتای فشارێکی زۆر هەنە بۆ دارشتنی ئەم یاسایە ، ئەوەی جێی پرسیارە چل حیزب و رێکخراو لە کوردستاندا کەهەریەک بە قەوارەی خۆی دۆست و لایەنگری هەنە و بە نێو توێژ و چین و دامەزراوەکاندا بڵاو بونەتەوە ، گەشتونەتە ئەو بڕواو یەقینەی کە بەرپرسان کەوتونەتە کەڵەکەکردنی سەرمایە و بە موڵکایەتی کردنی زەوی زار و خانو بەرە،جا ئەوەی جێی پرسیارە ئایا ئەو یاسایە بەو ئاراستەیە دێت کە سامانەکان ئاشکرا بکرێت و دیاری بکرێت؟، پاشان لەسەرو ئەو سامانەوە لێپرسینەوە لە سامانی داهاتو بکرێت..!؟، یاخود مەبەست لە ئاشکراکردنی سامان و موڵک بۆ راپێچکردنی سامانداره لەهەر ئاست و پلەیەکدا بێت بۆ بەردەم یاسای(ئەمەت لە کوێوە هێناوە)..!؟ ، لە زاری راوێژکاری ئیعلامی سەرۆکی پەرلەمانی کورسدتانیشەوە لەمەڕ ئەو یاداشتە ئەوە ئاشکرا کراوە کە پێشتر لە لایەن چەند ئەندام پەرلەمانێکەوە پرۆژەیەکی لەو شێوە پێشکەش کراوە و پەیمان دراوە کاری – جدی– بۆ بکرێت ، ئەمەش بۆخۆی دوبارەکردنەوەیکی ئەو یەقینەیە کە سامان و موڵکی گشتی بەرێگەی نا دروست گەشتۆتە لای چەند کەسانێک، بە پێی هەمان سەرچاوەش ئەم ئاسایە دەکرێت دابرێژرێت و جێگیر بکرێت بەڵام بەسەر حکومەتەکانی تری داهاتودا جێبەجێبکرێت، ئەمە جگە لەوەی بەمانای ئەوەی رۆی رۆی با باس نەکرێت و کێ چی کردوە و چی بردوە نۆشی بێت ، ئەو بوارەش خۆش دەکات بۆ کەسانێکی تریش تا دەرچونی ئەو جۆرە یاسایە بە چەپ و راستدا تا بۆی بلوێ کاری نادروستی خۆی بۆ دەستکەوت بکات ، ، گەرچی ئەم ئاسایەش هەر قسەیە جارێ و نە دارێژراوە و نەکاری پێکراوە و نە بۆتە بڕیارێکی پەرلەمان، بەڵام بۆچون و ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن ئەو یاسایە تەنیا بەرپرسانی حکومی بگرێتەوە نەک حیزبی ، هەر بۆیە دەکرا هەموو قسەکردنێت لەم بارەیەوە هەر لە ئێستاوە لەو روانگەیەوە بوایە کە لێپرسینەوە لەسامانی کەڵەکە بوو بکرێت و هەموو کەسێکیش دەگرێتەوە نەک تەنیا بەرپرسانی حکومی حیزبی، ئەم جۆرە قسانە وەک پڕوپاگەندە شیمانەی هەیە کاربکاتە سەر گەندەڵیەکانی لەمەو دوا ، ئەوەی جێی سەرنجیشە دەکرێت و دەبێت چل حیزب و رێکجراو لە نێو پەرلەمانی کوردستاندا بونیان نەبێت..! و لە ناو کۆبونەوەی پەرلەماندا بۆ خۆیان کار بۆ ئەم یاسایە نەکەن..!، ئەم(40) چلە گەر بە دوانیان..! و یەک کورسیان هەبێت یان هەبوایە..! دەیکردە 20 بیست ئەم بیستە بەسە بۆ ئەوەی لە نێو پەرلاماندا چالاکی بنوێنن و ئەندامەکانی تریش پشتگیریان بکەن و پرۆژەی یاساکەش لەلایەن پسپۆرانەوە کاری بۆ بکرێت.